# نامەی دایکێکی زیندانی

**بەڕێزان**

من بە ناوی دایکانەوە ئەم نامەیە ڕەوانە دەکەم.. ئەگەرچی دەترسم وشەکانم وەکو خوێنی ناوو گوندو مرۆڤی نیشتمانەکەم ونبن و کەس لایان لێنەکاتەوە..

لەم نامەیەدا دوو بیرەوەریتان بۆ دەنووسم:

1- ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواجار برا پێشمەرگەکان لە دوای زنجیرە شەڕێکی ئازایانە لە گوندی (قلیجان)ی گەرمیان کشانەوە، ئێمە بە گەورەو بچووکەوە هەستمان بە چارەنووسی نادیاری خۆمانکرد، ئەنجام واش بوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی سوپای ئەنفال هێنەر بە خەستی ناوچەکەی بۆردومان دەکردو گوللە تۆپو کاتیوشا گوندەکەی لە دووکەڵ وندەکرد، هەمووممان (کە چەند خێزانێ بووین لە کەندڕێکی خوار ئاواییی خۆمان حەشاردابوو) لە سیمای یەکتر زۆر شتمان دەخوێندەوەو دەمان وت: بریا ئێمەش وەك فلان شەهید بووینایە، خوایە! هەر لە ناوچەی (داوێ) بۆ ئێمەشت نەکوشت؟ چەند منداڵێ کە فریایی ئەوە نەکەوتبوون دایكو بابیان بیان شارێتەوە، کەوتنە بەر گوللەو کوژران.. بەڵێ چۆنی دەگێڕمەوە، وایە.. کاتێ سوپای پڕ لە قینی کلاوسەوزان هاتنە ناو گوندەکە، وێنەی گورگی هار منداڵەکانیان وەکو گونیە خۆڵ فڕێدەدایە ناو ئیڤاکانەوە. ئەو کەسەشی سەرپێچی دەکرد دەکوژرا.. جاشە کوردەکان لەوان خراپتر.. یەکێکیان هاواری دەکرد سەیدی وازم لێبێنن با هەقی (براکەم) بسێنم کە بە دەست (پێشمەشکە) لە قەرەداغ کوژرا.

دەست بەجێ ژنو پیاویان جیاکردەوەو لە زیلی عەسکەریدا قایمیان کردین، پاش چەند ڕۆژێ لە (نوگرە سەلمان) خۆماندیتەوە.

2- چەند ڕۆژێ لەمەوبەر (کوردۆ)ی کوڕم لە باوەش گرتبووو خەریك بوو سەریم پاکدەکردەوە، دایکانی تریش هەریەکە بە منداڵەکەی خۆیەوە خەریك بوو.. لە پڕ قیژەی ژنو منداڵان لە دەرەوەی زیندان کەوتە بەرگوێ. بێدەنگی ڕۆژی حەشر باڵی کشا بەسەر هەمووماندا. گوێی خۆمم شلکرد بەڵام بەباشی تێنەدەگەیشتم، دیاربوو، دانیشتوانی بادینان بوون.. دەنگێکی تریش لەناو دەنگەکاندا ڕایچڵەکاندمو، هاواری ژنێك بوو: کۆرپەکەم مەدەن بە سەگ هێشتا نەمردووە! پاسەوانی زیندانەکان ئەوەی نەخۆشبوایە ئەیانکردە خۆراکی سەگەکان کە لەودیوی تەلە دڕکاویەکەوە چاوەڕێی لاشەیان دەکرد.

ڕووداوەکە هێندە کاریگەر بوو کە کاری کردە سەر هەموومان، ویستم بگریم، بەڵام دەمێك بوو سەرچاوەی گریانم وشکی کردبوو تەنها شەختەی خەمەکانمی ئەستوورتر کرد.

بەڕێزان! ئەگەر ئازاری زیندانەکەمتان بۆ باسبکەم لەوانەیە بەرگەی خەمی یەك ساتی دژواری ئەنفال نەگرن، بەڵام دڵنیاتان دەکەم کە سەرەڕای مەرگی لەبەرچاو، ئاسۆی هیوامان چاوی لە هەڵمەتی شێرانەی ئێوەیە، لەو کاتەدا کە گوێمان لە تەپەی پێی پاسەوانەکانە، فرمێسکەکانمان دەسڕینو ئازارەکانمان دەشارینەوەو بڕوامان بەوەیە کە ڕۆژێ دێت بگەڕێینەوە بۆ خاکی خۆمان. تکام وایە ئێوەش ئێمە لە بیر نەکەن.. دایكو خوشكو کۆرپەکانتان لەم بیابانە بێ فەرەدا دیلی داگیرکەرن.

دایکی ئەنفالکراوتان

1988/11/22 نوگرەسەلمان

تێبینی: ئەم نامەیە لە گۆڤاری پێشەنگ ژمارە 18 ساڵی 1989 بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناوی خوازراو (دایکی کوردۆ)

پێشمەشکە: کورد فرۆشەکانی ژێم بە پێشمەرگەیان دەوت پێشمەشکە.

ناوەڕۆکی ئەم نامەیەم لەسەر نامەی دایکێکی نوگرەسلمان نووسیوەتەوە کە ئەو دایکە لەسەر پارچە پەڕۆیەك نووسیبووی بۆ خزمەکانی ساڵی 1988.

# ئافرەتان چ دەڵێن بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی؟



ڕێزان عوسمان



باسمە یوسف



حەلیمە سنجاری



ناسکە دزەیی



سوهام هاشم

**چاپی عەرەبی هەفتەنامەکەمان، ڕیپۆرتاژێکی لە بارەی دیدی ئافرەتان و ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئامادەکردووە. بە پێویستمان زانی چەند بڕگەیەك لە قسەکانی ئەو بەڕێزانە وەربگرین، بۆ خوێنەرانی چاپی کوردی (ڕێگای کوردستان).**

- ڕێزان عوسمان/ فەرمانبەر

ڕۆژنامەگەریی، باشتر بڵێین ڕۆژنامەی ئازاد ئەو کەناڵەیە کە تێکڕای زانیاریی و هەواڵە هەمەچەشنەکان بە خەڵك دەگەیەنێتو، ئەم سەردەمەش سەردەمی شۆڕشی زانیاریی و ئەنتەرنێتە، بەڵام هێشتا ڕۆژنامە پێگەو شوێنی خۆی لە دەست نەداوە. ئافرەتی کورد خزاوەتە نێو بواری ڕۆژنامەگەریی و، نموونەش زۆرە لەو بوارەدا، بەڵام ئەوەیان کە کارانو تەواو وەك ڕۆژنامەنووسێك دەرکەوتوون بە حوکمی کۆمەڵێك هۆکار ژمارەیان زۆر کەمە.

- سۆزان سەنحاریب/ سکرتێری پێشووی یەکێتی ئافرەتانی ئاشوری:

ئێمەش وەکو ئاشوورییەکان ئەمساڵ وەکو چۆن گەلی کورد یادی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکاتەوە، ئەمساڵ یادی (152) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی ئاشوریی دەکەینەوە. بەشداری ئافرەت لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەوە بەرچاوتر بووە، بۆ نموونە ئافرەت بۆتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو ئافرەت بۆتە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەو ..تاد. هەر لەم یادەدا داوا لە سەرجەم ئافرەتان دەکەم کە کاراترو زۆر پەرە بە تواناکانیان بدەن.

- ناسکە دزەیی

لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی هەنگاوی باشی ناوەو زۆر بەرەوپێشەوە چووە، لەو نێوەندەدا ڕۆڵی ئافرەتی کورد هیچی کەمتر نەبووە لە پیاوان ئەگەر دەرفەتی بۆ ڕەخسابێت.

- باسمە یوسف/ مامۆستای زانکۆ

لە کوردستاندا ڕۆژنامەنووسی پیاو نییە، ئەی دەبێت ڕۆژنامەنووسی ئافرەت چۆن هەبێت؟ ئەمە واناگەیەنێت کە من ڕەشبینانە دەڕوانمە مەسەلەکەو چونکە سەرەتاو دەستپێکێ‌کی ڕۆژنامەوانی لە هەردوو ڕەگەزەکە لە ئارادایەو، ئاشکراشە کە پیاوان لە پێشەوەترن..

- سوهام هاشم / بێژەر

لەوەتەی دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمانەوە، ڕۆژنامەگەریی کوردی زۆر پێشەوە چووەو، لەو نێوەندەشدا ڕۆڵی ئافرەت بەرچاوە، ئافرەتی کوردیش زۆر لە مێژە سەلماندویەتی کە دەتوانێت لە ناخۆشترین کاتدا بەرەنگاریی و بەشدار بکات.

- گوڵەغ محەمەد / یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان:

بواری ڕۆژنامەگەریی یەکێکە لەو بوارانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئافرەتانی کوردستان بە گروتینێکی هاوچەرخی ڕاگەیاندیان بەکارهێنا بۆ زەقکردنەوەو خستنە ڕووی کێشەو گرفتو دیاردەکانی ژیانی ئافرەتان، هەروەها بەڕێزیان دەڵێن (سەرباری ئەو بەشدارییەی ئافرەتان، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ڕۆڵە گەیشتۆتە ئاستێکی پێویست، بۆیە چاوەڕوانی باشتریان لێ‌ دەکرێت.

- ئینتسار بەکر / نوسەرو ڕۆژنامەنووس

بەڵێ ئافرەت دەتوانێت ڕۆژنامەنووس بێت ئەگەر ئامرازەکانی ڕۆشنبیری لەبەر دەستدابوو.. ئافرەتی کورد سەلماندوویەتی کە دەتوانێت بەشداری تەواوی بوارەکانی ژیان بکات، ئەو پێویستی بە دەرفەتو پاڵپشتی تەواو هەیە بۆ زیاتر کارابوونی... بەڵام کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی هەن کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم پێشەوەچوونیی و بەردەوام بوونی ئافرەت وەکو ڕۆژنامەنووس.

- حەلیمە سنجاری / مامۆستا لە ئامادەیی کشتوکاڵ

ئافرەتی کورد بە گشتی زۆربەی کاتەکانی لە ماڵەوەیەو، ماڵەوەش هەموو ژیانی داگیرکردووە، ئافرەتی خوێندەواریش زیاترو زۆرتر هۆگری ماڵەوەن، بۆیە دەرفەتێکی ئەوتۆ نەڕەخساوە بۆ ئافرەتان لەو بوارەو بگرە لە بیرکراون بە داخەوە.

# دەبا یاسا کۆنەکان هەموار بکرێن

## شوکریە محەمەدەمین ڕواندزی

لەوەتی ژیان لەسەر گۆی زەویدا پەیدا بووە، ئافرەت بەرهەمهێنەرەو دایکە، مشور گێڕی ماڵو تێکبەریتی، لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی خێزانیش بەشداری کردووە، ئەمەو هاریکاری کۆمەڵگاشی کردووە.

ئافرەت لەناو ئەو سروشتە مەترسیدارەدا، هەزارانیان گیانیان لەدەست داوە تا بە هونەری زیرەکی خۆی وای کردووە پیاو بەشداری دروستبوونی خێزان بکات، بۆ پاراستنو مانەوەی مرۆڤو جگەر گۆشەکانی لە شوێنی دڵنیابوون بەخێو کردووە، بەردەوامی پشتاو پشتی مرۆڤ لە سایەی هونەری دایکە. کە بەرهەم هاتە کایەوە، کۆمەڵگا دروست بوو، ژیانی خێڵەکیو کۆچەرایەتی سەری هەڵدا، یاساو ڕێسای باوك سالاری پەیدا بوو، ئافرەت لە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی کەم کرایەوە ئافرەت چەوسانەوە پەیدا بوو، هەتا بەوەش نەوەستان خاوەن سەرمایە، زەوی کەسانی بێ دەسەڵاتو هەژارو بێ نەواشیان دەچەوساندەوە.

ڕژێمی کۆیلەتی زۆر لە مێژە بەناو بنبڕکراوە، کەچی ئافرەت لەناو خێزانی دواکەوتوودا یان لە ڕژێمە کۆنەپەرستو دواکەوتووەکانو دابو نەریتی خێڵەکی، تا ئێستاش لێی ڕزگار نابین هەر چەندە دەڵێن لە وڵاتانی ئەورووپی پێشکەوتوو، بە کۆششو خەباتی هاوبەشو تێگەیشتن ئەو سنوورەیان بەزاندووە، ئافرەت بەشداری گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی جیهان دەکەن، وەکو دەڵێن لەوێش لە هەندێ بارەوە ناتەواویان هەیە.

بە کورتی لەم سەردەمە بە گوێرەی پێشکەوتن، پێویستە ئافرەتانی ڕۆشنبیری جیهانو خۆمان لە ئاستی ئەو داواکارییەی ئافرەت بن، داوای ئەو گۆڕانکارییانە بکەن کە لەم سەردەمەدا پێویستە ئەنجام بدرێن، بۆ ئێمە یاساکانی کەسێتی عێراقی بە پێی سەردەم بگۆڕدرێت، ئافرەت ببێتە قازیو دادوەر، یەکسانی لە نێوان ژنو پیاودا لە دەستوور هەبێت، ئافرەتان لە گەشەکردنی وڵاتو پەروەردەی نەوەی دوارۆژو ژیاریو شارستانی ببنە کۆڵەگەی ئەم مەبەستە.

دەبا بۆچوونی دواکەوتوو چیتر نەبنە کۆسپو تەگەرە لە ڕێگای ئەم نیشتمانە ستەمدیدە هەموو لا بە یەکجار بۆ ژیانێکی باشتر لە کوردستانێکی ئازاد کار بکەین.

# کوا مافی منداڵ؟

ماوەیەك لەمەوبەر لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەر باس لە مافی منداڵ ئەکرا بەو باسانە زۆر دڵشاد بووم.بەڵام مەخابن نازانم کام منداڵانە بوون کە باس لە مافیان ئەکرا؟..ئایا ئەوانەی کەباس لەمافی منداڵی کوردستان ئەکەن: نازانن کە زۆرینەی زۆری منداڵانمان لەو مافە کە باسیان لێ‌ ئەکرد بێ بەش کراون؟

بەڵام بۆ هەندێ منداڵ بەڕاستی بەمافی خۆیان گەیشتوون. ئەوانەش بەس چینە دەوڵەمەندەکانە

ئەو منداڵانەی کە مافیان وەرگرتووە بۆیان هەیە کەهەر دەست گەیشتە (سوکان) سیارە لێ‌ بخوڕێ، بەیانیان بە ئوتومبێل ئەبرێن بۆ قوتابخانەو ئەیان بەنەوە بۆ ماڵ.

کام جلو بەرگو پێڵاوی جوان هەیە بۆیان ئامادە کراوەو کام جانتای ئاخر مودێل هەیە بۆ دەفتەرو کتێبەکانیان کڕاوە. ئایا ئەوانەی کە لە مافی منداڵ ئەدوان و ئەدوێن سەریان لە بازاڕو شەقامەکانو چایخانەو چێشتخانەو بەردەمی سینەماکانی شارەکان داوە هەتا ئەو منداڵانە ببینن کە چۆن مافێکیان پێ دراوە؟ بە دەیان منداڵ لای قەسابەکان ڕاوەستاون عەلاگە ئەفرۆشن. یان لەسەر شەقامەکاندا بۆیاخچێتی ئەکەنو شاگردی چایەچیو چێشتخانەکاننو گوڵە بە ڕۆژە ئەفرۆشن هەندێکیان سواڵ ئەکەن. لام وایە ئەوانە مافی منداڵ نایان گرێتەوە. لە سلێمانی لە بەردەم قەسابێکا لە منداڵێکی تەمەن (8) ساڵەم پرسی، وتم ڕۆڵەکەم لە قوتابخانەیت وتی خاڵە گیان لە پۆلی(4)ی سەرەتایی بووم، دەستم لێ هەڵگرت لەبەر ئەوەی باوکم کەم درامەت بوو نەی دەتوانی پێداویستی قوتابخانەم بۆ دابین بکات.وتم باشە کوڕم ئەمکارانەی ئەی کەن ئێوەی منداڵ کەس ڕێتان لێ‌ ناگرێ ؟ لەوەڵامدا وتی نەخێر کەس ڕێمان لێ‌ ناگرێ چونکە مافی منداڵ پارێزگاریمان ئەکات!

غەریب خامۆش - سلێمانی

# ئافرەتو یەکسانی

## پەیمان ئەمین

بیریارێك دەڵێت کاتێك ئافرەت لەدایك دەبێت ئەویش وەکو هەر مرۆڤێکی تر مرۆڤێکی ئاساییەو بەڵام دەوروبەرو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەیکات بە ئافرەت واتا ئافرەت بە مانا تەقلیدو بیری دواکەوتویی کۆمەڵایەتی- هەر بۆیەش زۆر دەمێکە ئەم ڕاستییە وەکو بەڵگەنامەیەکی ڕەهاو زانستی سەلمێنراوە کەوا ئەگەر ئافرەتیش وەکو پیاو دەروازەو دەرگاکانی کارکردنی بۆ بکرێتەوەو بە شێوەیەکی عەمەلی مافە بنەڕەتیو مەدەنیو سیاسیو ئیدارییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت ئەوا ئەویش دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاساییو سروشتی داهێنانی گەورەو شاکاری مەزنو خزمەتی گەورە بەخۆیو بە کۆی مرۆڤایەتی بکات. دیارە ئافرەتی کوردیش وەك هەر ئافرەتانی تری ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بەدەست دابو نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتیو سیاسەتو عەقڵییەتی پیاوسالارییەوە بە جۆرەها کۆتو بەندو زنجیر بەستراوەتەوە بە چەندین شێوازیش زوڵمو ستەمو چەوساندنەوەو تاکو ئێستا ئایدیۆلۆژیای چەق بەستوو دابو فیکری باو لێنەگڕاوە بە پێی پێویست لە کەشوهەوایەکی ئاسوودەو ئارامدا بژێتو ئەویش وەکو پیاو لە نێو بوارە جۆر بە جۆرەکانی ژیانو کایەو مەوقیعەکانی کۆمەڵدا ڕۆڵی خۆی بە پێی پێویست بنوێنێت.

ئەمڕۆش لە کاتێکدا لە سایەی ڕاپەڕینی ئازار کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگ بۆ گەلەکەمان بەدی هاتوون، دەبێت ئافرەتانیش زیاتر هێزو توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگای خەباتو تێکۆشانی خۆیاندا لە ڕووی دەستووریو یاساییدا هاوسەنگیو یەکسانی خۆیان لەگەڵ پیاودا لە گشت بوارە سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتیدا بسەلمێننو بە هەر شێوەیەك بۆیان بلوێت کۆتو زنجیری سیستەمی پیاوسالاریو نەریتە دواکەوتووە کۆمەڵایەتییەکان لە دەستی خۆیان دابماڵن.

دیارە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت بەبێ ئازاد بوونی ئافرەتو دابینکردنی مافەکانیان باس کردن لە کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسیو یەکسانی کۆمەڵایەتی جگە لە قسەیەکی بێ ناوەڕۆكو خیاڵ خۆش شتێکی تر نییە.

# ئافرەتێك دەکوژرێت

ڕۆژی 2002/4/17 لە گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر ئافرەتێك بە ناوی (ف) لە ماڵەکەی خۆی خنکێنرابوو، بە لەچکەکەی خۆی کە ڕەنگی سوور بوو، ئافرەتەکە تەنورەیەکی ڕەشو کراسێکی ڕەنگاو ڕەنگی تێکەڵاوی لەبەردابوو.

دواتر سەعات (11) ڕەوانەی پزیشکی دادوەری لە نەۆشخانەی ڕزگاری کرا.

# بنەماڵەی سەدام کچێکی بێ نەوا دەکوژن

## باوکی لاس

کچێکی بێ نەوا لە بەغدا کوژراوە دوای ئەوەی لە خانەی بێ نەوایان براوە بۆ ماڵی (**عمید نزهان عبدالله صالح الخطاب**) کە یەکێکە لە خزمەکانی سەدام.

کچە کوژراوەکە بەناوی (**خالدة حسين رضا**) تەمەن 19 ساڵ لە ماڵی (**خطاب**) زیاتر لە پێنج ساڵە کار دەکات ئەو کاتەی کە خوشکی نزهان (مریم عبدالله صالح) لە خانەی بێ نەوایان بردویەتی لەگەڵ خۆی بۆ ئەوەی لە ماڵەکەیان کار بکات کە دەکەوێتە نزیك کۆشکی کۆماری..و دوای ئەوەی کە (**خطاب**) لەسەر کار لابرا کە بەڕێوەبەری ئاسایشی فرۆکەخانەی سەدام بوو. (خالدە)ش لەگەڵیان چوو بۆ (عۆجە).

سەرچاوەکان دەڵێن: دوای ئەوەی کە ئەتك کرا لە لایەن کوڕەکانی (نزهان)و کوڕەکانی (**عمر تركي خطاب**) (خگابو أشرف و علی) تاوانباران بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆیان بکەن هەڵساون بە کوشتنی خالیدە. خالیدە سێ ڕۆژ بە کوژراوی ماوەتەوە بێ ئەوەی بەخاك بسپێردرێت. دوای سێ ڕۆژ لە کوشتنی خالیدە (نزهان صالح) ڕایگەیاند کە خالیدە نەخۆشەو لەوانەیە بمرێت بۆ ئەوەی کەس گومان لە هۆکاری مردنی خالیدە نەکات.

خالیدە لەسەر ڕێی موسڵ- بەغدا بەخاك سپێردرا بێ ئەوەی نیشانەیەك بۆ گۆڕەکەی دابنرێت.

شایانی باسە بنەماڵەی سەدام هەڵدەسن بە بردنی ئەو کچانەی کە لە خانەی بێ نەوایانن لە بەغدا بە مەرجێك دەبێ تەمەنیان لە (6 15) ساڵ بێت بۆ کاری خزمەتپێکردن.

**سەرچاوە:**

**لە ئێنتەرنێتەوە وەرگیراوە**

# کێ لە چارەنووسی ئەو ئافرەتە بەدبەختە بەرپرسیارە؟!!

ڕژێمی کۆنەپەرستو دیکتاتۆری عێراق، بە هەزاران تاوانی جۆر بە جۆری ئەنجام داوەو جەستەو ڕۆحی تاکی کۆمەڵگای شێواندووە.

هاووڵاتی (ئامینە محەمد فەرەج) کە باوکی کوردەو دایکی عەرەبە لە دەزگای ئاسایشی ڕژێم لە بابل ڕێکەوتی 5 / 4 / 1991 بەهۆی هاوسۆزی بۆ کوردایەتی دەستگیر کراوە. لە ئەنجامی ئەشکەنجەداندا بە پێی ڕاپۆرتی نەخۆشخانەی شۆڕشی گشتی ژمارە (935) بەرواری 4 / 3 / 2001 تووشی نەخۆشی اعصاب بووە.

لە بەرواری 15 / 1 / 1992 ئازاد کراوەو چۆتە شاری کەرکوك، لەوێش ڕژێم دەریکردووەو ماڵەکەی هێناوەتەوە شاری چوار قوڕنە.

ناوبراو خاوەنی چەند منداڵێکەو معامەلاتی زیندانییە سیاسییەکانی کردووەو فۆرمی تایبەتی بە (موقوفین) بۆ پڕ کراوەتەوە.

لەبەر ئەوەی حوکم نەدراوەو تەنها موقوف بووە. کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی لقی ڕاپەڕین کارەکانی بۆ ئەنجام نادەنو ئەو یارمەتییەی بۆ زیندانییە سیاسییەکان دەردەچێ نای گرێتەوە. ئەو ئافرەتە سەر بە بارەگای سەرجەم حزبەکاندا دەکاتو هەر بەرپرسێك نامەیەکی بۆ دەنووسێو لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە.

ئایا چ دەزگایەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو جۆرە کەسانە بەرپرسیارە کە قوربانی دەستی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی شۆڤێنین؟